# گۆڕاوە ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دوای نەمانی ئیبراهیم ڕەئیسی

**پڕۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**ئیبراهیم ڕەئیسی لە تەختی دەسەڵات نەما**

چەندان لێکدانەوەی ستراتیژیی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتەرەکەی سەرۆککۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی، ئاسایی نەبوو؛ ئاماژەکان بۆ هۆکاری ئەنجامدەری ناوخۆیی، زۆرترن لە دەرەکی. بەوەیش پانتاییەکی بەرفراوان لە دابەشبوونی دیدگەی ستراتیژیی ناوخۆی ئێران و ئایدیۆلۆژیای حوکمڕانی لەو وڵاتە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت چینایەتییش دەردەخا، کە بارودۆخی وڵاتەکە نەک هەر هاوسەنگیی لەدەست داوە، بەڵکوو بە شێوەیەک لاسەنگ بووە کە هەستانەوەی، پێ دەچێ بەو میکانیزمەی ئێستای دەسەڵات ئەستەم بێت؛ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندوتیژییەکان بەرەو هەڵکشان دەچن، بار و گوزەران خراپتر دەبێ، بەهای تمەن لە دابەزینی مەترسیداردایە، دەسەڵات ناتوانێ نە لە قەیرانەکان خۆی قوتار بکات و، نە وەڵامی داخوازی و پێداویستییەکانی ژیانێکی ئاسایی خەڵک بداتەوە.

لە لایەکی ترەوە، کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتەرەکەی سەرۆک کە لە جۆری "بێل" بوو و لە ساڵی 1979 لە ئەمریکا دروست کراوە، ئەو کۆپتەرەی کە کۆمپانیاکەی ئێستا حاشای لێ دەکا و هیچ بەرپرسیارێتییەکی فڕینی هەڵناگرێ، بەڵام تا ئێستا بە فڕۆکەی تایبەتی سەرۆکی ئەو وڵاتە دادەنرێ کە بانگەشەی خستنەژێرهەژموونی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست بۆ خۆی دەکات، بەڵام ئەو وڵاتە کە ئێرانە و فڕۆکەکەی تێدا کەوتە خوارەوە، نەیتوانی بەبێ هاوکاریی دەرەکی تەنانەت تەرمی سەرۆکەکەیشی بدۆزێتەوە؛ ئەوە بوو کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریی تورکیا و یەکێتیی ئەوروپا، دوای نیو ڕۆژ تەرمەکەی دۆزرایەوە! ئەوەیش تێبینییەکی ستراتیژیی تر بوو لەسەر ئێران، کە هیچ مەبەستێک و توانایەکی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەمریکا نییە و تەنیا وەک هێرشەکەی سەر ئیسرائیل لە نمایشێک زیاتر هیچی دی نییە!

ڕۆیشتنی ڕەئیسی، نیگەرانیی لای بەرەی توندئاژۆی ئێرانی لێ کەوتەوە، بەڵام کۆستەکە لای ڕیفۆرمخوازەکان کەمتر بوو، ئەوانەیش کە قوربانیی توندوتیژیی دەسەڵات بوون و زەبریان وێ کەتبوو، کەیفخۆش؛ چونکە ڕەئیسی یەکێک بوو لەوانەی کە جێی متمانە بوو لای هەردوو ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ خودی خومەینی و دواتریش لای خامنەیی. ڕەئیسی زیاتر لە بواری دادوەریدا شۆڕ بووەوە و، ئەزموونی دەگەڕایەوە بۆ سەرەتای ساڵی 1980 تا 1/7/2021. ساڵی 1988 لەلایەن خودی خومەینیی ڕابەرەوە ڕاسپێردرا بە دۆسیەی تیرۆر، کە مەبەست لێی بەرەنگاربوونەوەی حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران بوو. داتاکانیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە "سەرۆک ڕەئیسی دەستی لە فەوتانی زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتیی ئێرانیدا هەیە." بۆ ئەو مەبەستەیش لەلایەن چەندان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ، "تۆمەتبارە بە تاوانی دژەمرۆیی و، پشتڕاست کراونەتەوە." هەر لە سەردەمی ئەویشدا بوو کە توندوتیژترین خۆپیشاندان

بەرپا بوون و هەر بە زەبری هێزییش دامرکێنرانەوە.

ئەو هەموو حەشاماتەی کە لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمەکەیدا بەشداريیان کردبوو، بێجگە لە هەوادارانی خۆی، دیوەکەی تری، سیناریۆی خودی دەسەڵات بوو بۆ گەواهیدانێک لەسەر نوێکردنەوەی ڕەوایەتیی سیستەمی سیاسی و پشتیوانیی گەل بۆی. لە لایەکی تریشەوە وێناکردنی تابلۆ نیشتمانییەکەیە، بەوەی کە هەمووان لەگەڵ بوونی ڕای جودا، یەکهەڵوێست و یەکڕیزن لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان.

**چی لە هاوکێشە ناوخۆییەکانی ئێران دەگۆڕێ؟**

سیستەمی سیاسیی ئێران، سیستەمێکی وابەستە و تێکەڵاوی دامەزراوەییە بەیەکەوە، کە لەلایەن خودی ڕابەرەوە سەرپەرشتی و بەڕێوە دەبردرێت و قسەی کۆتاییش هەر لای ئەوە؛ بەڵام ئەو لە بەردەم هیچ کام لەو دامەزراوە سیاسی و یاسایی و دادوەرییانەوە بەرپرسیار نییە و دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و قابیلی لێپێچینەوە نییە. کەواتە سەرۆکی وڵات لەو سیستەمەدا وەک سەرۆکوەزیران وایە لە سیستەمی سیاسیی فەڕەنسیدا کە تەنیا ڕۆڵی کارگێڕی دەبینێ و ڕۆڵی سەرکردەیی و کرداری و پێشەنگی دراوە بە ڕابەر. کەواتە هیچ گۆڕانکاری و کاریگەریی لەسەر پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵات نابێ. ئەمەیش یەکەمین لێدوانی خامنەیی بوو لە دوای کەوتنەخوارەوەی کۆپتەرەکەی سەرۆک ڕەئیسی؛ بەوەی ڕووداوەکە هیچ کاریگەریی لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی لە ئێران نابێ و نییە. بەو لێدوانەیش ئەو پەیامەی گەیاند کە سیستەمی سیاسیی ئێران دامەزراوەییە و توانای پاراستنی ستراکچەر و بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانی هەیە و لەسەر مانەوە و ڕۆیشتنی کەسەکان نەوەستاوە. لەوەیش زیاتر پەیامەکەی ئەوەی تێدا بوو کە جارێکی تر جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەوەی کە لە ئێران چۆن حوکم دەکرێ، نەک کێ حوکم دەکات. ئەو گوتەیە بۆ سەرۆکی وڵات دروستە، بەڵام بۆ ڕابەر تەواو جیاوازە و وا بەو ئاسانییە ئێران لە قەیرانی نەبوونی ڕابەر قوتاری نابێ.

گەرچی زۆرێک لە گەلانی ئێران لە سەرۆک ڕەئیسی ڕازی نەبوون، بەڵام نەمانی ڕەئیسی ئاماژەیەکی دیاری بوونی قووڵاییەکی دژواری ئایدیۆلۆژیای فەرمانڕەواییە لە ئێران و ڕکابەرییەکی سیاسیی مەترسیداریش لەو وڵاتەدا گوزەر دەکات، بەتایبەت کە سەرۆک ڕەئیسی لە نێوان توندئاژۆکان و ڕیفۆرمخوازەکاندا مۆدیلێکی نوێی حوکمڕانی بوو؛ هەر ئەویش بوو کە جۆرێک لە هاوسەنگی و ڕایەڵەی دروست کردبوو لە نێوان سوپای پاسداران و خودی ڕابەر. هەر بۆیە نەمانی ڕەئیسی بەتایبەت تا هاتنی سەرۆکی نوێ، جۆرێک لە پشێوی و ناسەقامگیری لەسەر ئاستی سیستەمی سیاسیی لایەنە ڕکابەرەکان بۆ شوێنگرتنەوەی بوونی دەبێت، چونکە هەر یەکە لە ڕەوتەکان مەبەستی قۆستنەوەی بارودۆخەکە دەدات، ئەمەش مەبەست لە ململانێی نەریتخواز و ڕیفۆرمخوازەکان نییە، بەڵکوو لەناو خودی ڕەوتی نەریتخوازەکان کە خۆی لە چەند ڕەوتێکی جیاوازدا دەبینێتەوە و مەبەستیانە ئیش لەسەر هەردوو حاڵەتی جێگرەوەی سەرۆککۆمار لە ئێستا و بۆ ئایندەیش جێگرەوەی ڕابەری گشتیی وڵاتیش بکەن. شرۆڤە ئەمریکییەکانیش لەو بارەیەوە نەرێنین؛ بەوەی ناسەقامگیریی زۆرتر دەکەوێتەوە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات و لەسەر ناوچەکەیش، چونکە ئەو ڕایەڵانەی کە ڕەئیسی بونیادی نابوون، لای توندئاژۆکانەوە قبووڵکراو نەبوون، بەتایبەت لەگەڵ ئەمریکا؛ ئەمەیش لەوانەیە بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان بەرێ و ڕێگرتن لێی ئاسان نەبێ. هەر بۆیە ڕابەری گشتی بە هەموو توانایەکی خۆیەوە لەم قۆناغەدا ئامادەیی هەیە، ئەویش لەسەر دوو ئاست: لەسەر ئاستی بارودۆخی وڵات: مەبەستیەتی بەسەقامگیری بمێنێتەوە و هیچ پشێوی و گۆڕانکارییەك نەکەوێتەوە؛ لەسەر ئاستی هەڵبژاردنیش: کار لەسەر پاککردنەوە و ڕێگەخۆشکردن دەکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە سەرۆکی

دواتر، وەک ڕەئیسی گۆڕایەڵ و موریدێکی باشە و دەکرێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و دۆسیەی سیاسەتی دەرەوە پشتی پێ ببەسترێ.

لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پێ ناچێ هیچ گۆڕانکارییەک ڕوو بدات، چونکە سەرۆکی نوێ دەورە دراوە بە کۆمەڵێک دامەزراوە کە نەریتخوازەکانی سەر بە ڕابەر تێیاندا زاڵن؛ نەریتخوازە کۆنسێرڤاتیڤەکان لە کۆی 290 کورسیی پەرلەمان، 245یان بەدەستەوەیە، واتە 84.48%. حکوومەت هەر لە خۆیانە، دەسەڵاتی دادوەری هەر ئەوانن، ئەنجومەنی پارێزەرانی دەستوور خۆیانن، کە ئەو جومگە سەرەکییانەی وڵات- بە پاسدارانیشەوە- هەموویان سەر بە ڕابەرن و ئەو ئاراستەیان دەکات. کەواتە لەو قۆناغەدا سێ مەترسیی سەرەکی لە بەردەم ئێران هەن: تێکچوونی بارودۆخی سەقامگیریی وڵات، هەڵکشانی هاوکێشەکان لە ناوچەکە بەرەو خراپتر، مردنی ڕابەری گشتی؛ هەر یەک لەو سێ مەترسییانە ببنە قەیران، قوتاربوون لێیان ئاسان نییە.

## کێ دەبێتە جێگرەوەی ڕەئیسی؟

کێ دەبێتە سەرۆکی ئێران؟ دوو شێواز لە مەرج هەن: زۆربەیان ڕووکەشن و زۆرێک لە بەرپرسانی ئێرانی دەیانگرێتەوە، بەڵام یەک مەرجی سەرەکییشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کێ جێی ڕەزامەندیی خودی ڕابەری گشتیی ئێرانە؛ کە ئەمەیان لە هەر دوازدە مەرجەکەی سەرەتا کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین، کاریگەرتر و یەکلاییکەرەوەترە. مەرجە ڕووکەشەکان ئەو مەرجانەن کە لە دەستووردا هاتوون، کە بریتین لەوەی: هاووڵاتیی ڕەسەنی ئێرانی بێت، نیشتەجێی وڵات بێت، توانای کارگێڕیی هەبێ (بە لایەنی کەمەوە چوار ساڵ)، بەتەگبیر بێ، پەرێزپاك بێت (بەوەی پێشینەی تاوانی نەبێت و سزانەدراو بێت)، سپاردەپارێز بێت، بەتەقوا بێت، باوەڕی تەواوی بە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێت، مەزهەبگەرای شیعیی دوازدە ئیمامی بێت (هەروەک لە ماددەی 12ی دەستووری وڵاتدا هاتووە؛ بە جۆرێک کە تاهەتایە ناگۆڕدرێ)، بڕوانامەی ماستەر بەرەو سەری هەبێت (ئەمە لە دەستووردا نەهاتووە)، سەر بە گرووپ و ڕێکخراوی نایاسایی نەبێت. ئەو مەرجانە هەموویان لە دەستووردا نەهاتوون، بەڵکوو نیوەیان ئەو مەرجانەن کە ئەنجومەنی پارێزەرانی دەستووری ئێرانی لە ساڵی 2017 دایان نا، ئەویش بۆ کۆنترۆڵکردنی بەربژێرەکانی سەرۆککۆماری و ئاراستەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی؛ بەو مانایەی ئەوەی کە لە خولگەی ڕابەری گشتیدا نەخولایەوە، نەتوانێ ببێتە سەرۆککۆمار؛ ئەوەیش دوای ئەزموونی سەرۆک محەممەد خاتەمی دروست بوو، کە سەرۆکێکی میانڕەو و کراوە بوو، بەتایبەت لەگەڵ ڕۆژاوا.

ئەوە مەرجە دەستوورییەکان و ئەوانەی ئەنجومەنی پارێزەرانی دەستووری ئێرانی بوون، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە: کێ دەبێتە جێگرەوەی ڕەئیسی؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین بڵێین: لەپاڵ ئەو مەرجانەدا چەند مەرجێکی دی هەن کە ئەوانە زیاتر جێی بایەخن و دەبنە مایەی دیاریکردنی سەرۆکی نوێ، وەک:

- لە کۆی هەشتا بەربژێر بۆ پۆستی سەرۆکی وڵات، تەنیا شەش کەس لە فلتەری ئەنجومەنی پارێزەرانی دەستوور دەرچوون.
- لەو شەش کەسە پێنجیان نەریتخوازن: محەممەد باقر قالیباف، سەعید جەلیلی، عەلیڕەزا زاکانی، مستەفا پوورمحەممەدی، ئەمیرحوسێن قازیزادەی هاشمی. لەناویاندا تەنیا بەربژێرێکی

ڕیفۆرمخواز هەیە کە ئەویش "مەسعوود پزشکیان"ە.

- ئەوەی کە دەبێتە سەرۆککۆمار، لە پەیوەندییەکی باشدایە لەگەڵ ڕابەری گشتی و، نەریتخوازە. کەواتە لە پێنج کەسە نەریتخوازەکە یەکێکیان دەبێتە سەرۆک.
- هەرچەندە سوپای پاسداران لە بەیاننامەیەکدا ڕای گەیاند کە ئەوان لایەنگیریی هیچ کام لە بەربژێرەکانی سەرۆکایەتی ناکەن، بەڵام کەسێک دەبێتە سەرۆک کە گرفت لە بەردەمیان نەنێتەوە و ڕایەڵەیەکی باش بێت لە نێوان ئەوان و ڕابەر و هەر خۆیشی بەربژێرەکە، دەبێت پێشینەی سوپاییی هەبێت؛ کە نەریتخوازەکان ئەو مەرجەی پاسدارانیان تێدایە.
- ئەوەی کە دەبێتە سەرۆکی نوێ، تێکەڵەیەکە لە: شوێنکەوتەی خامنەیی+ پێشینەی سوپایی+ دیپلۆماسی. ئەوەیش ئەو لۆژیکەیە کە ئێرانی هاوچەرخ پێویستییەتی.
- ئەوەی کە دەبێتە سەرۆکی نوێ، هیچ بەرنامەیەکی نوێی نابێت، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە درێژەپێدەری سیاسەتی پێش خۆیەتی و، مشتومڕە سیاسییەکانی ناوەوە و دەرەوە کاریگەریی لەسەر نابێت؛ ئەو دۆسیانەیش تەواو دەکات کە لە سەردەمی ڕەئیسیدا زۆر بایەخی ڕژدیان هەبوو، وەک: سیاسەتی کرانەوەی بەپلان بە مەبەستی پاراستنی نفووزی ئێران لە ناوچەکە و کەمکردنەوەی کاریگەریی سزا و گەمارۆکانی ڕۆژاوا، چەکی ناوکی کە هەمیشە ئێران بە مافی خۆی دەزانێ و خەونی یەکەمین و کۆتاییی خامنەییشە، بەوەی پێش مردنی تاکە ئاوات کە لە زیهنییەتی سیاسی و مەزهەبگەراییدا هەیەتی، بەدەستهێنانی چەکی ناوکییە کە بە شکۆی دەوڵەتی شیعیی ئێرانی دەزانێ، دامرکاندنەوەی هەر یاخیبوونێک کە ڕوو بدات.

**کەواتە جێگرەوەی ڕەئیسی توندڕەو دەبێت یان میانڕەو؟**

پروپاگەندەی بەربژێرەکان بۆ خولی چواردەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لە 10 – 26/6 دەست پێ دەکات. ڕۆژی 28/6/2024 لەوانەیە یەکلاکەرەوە بێت، ئەگەرنا گەڕی دووەم دەکەوێتە ڕۆژی 5/7/2024، واتە تەنیا دوای یەک هەفتە. ئەو ماوە کەمەیش لە نێوان گەڕی یەکەم و دووەم تەواو لە بەرژەوەندیی ڕابەری گشتییە؛ ڕکابەرەکانی دی دەرفەتی خۆکۆکردنەوەیان لەو هەفتەیەدا نییە. هەر بۆیە ڕابەر توانای کۆنترۆڵکردنی گەڕی دووەمی هەیە و دەتوانێ هەشتەم سەرۆکی وڵات دابنێ؛ ڕابەر هەر خۆیشی بوو کە لە ساڵی 1988ەوە دەسەڵاتەکانی سەرۆککۆماری لە بەرژەوەندیی ڕابەر کەم کردەوە.

کەواتە تەواوی تایبەتمەندییەکانی سەرۆکی نوێ، دەبێ لەگەڵ خواستەکانی ڕابەر هاوتەریب بێت؛ ئەوەی کە دەبێتە جێگرەوە توندڕەو نییە، بەڵام نەریتخوازێکی پابەند بووە بە ڕێنماییەکانی خامنەیی. لەو بارەیەوە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا سەیر نییە کە سەر بە ڕابەر بێت و توندڕەو نەبێت؟ بەڵێ دروستە، چونکە ئەو بارودۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەی کە لەم ساتەدا ئێرانی پێدا تێ دەپەڕێ، بە هیچ جۆرێک سەرۆکێکی توندڕەو قبووڵ ناکات؛ بەڵام ڕابەر نەریتخوازێکی تەواو پراگماتیستی توندی دەوێ. ئەوەیش پێ دەچێ "قالیباف" بێ، پێش بەربژێرەکانی دی.

بەڵام ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەین، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە کێ دەبێتە جێگرەوە، چونکە جێبەجێکردنی ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی دەکەوێتە بەردەست، ئەویش بەو جۆرەی کە خامنەیی مەبەستییەتی. ئەوەی کە جێی ئاماژەیشە، خودی هەڵبژاردن پرۆسەی گفتوگۆکان لەگەڵ ئەمریکا خاو دەکاتەوە و، دوور نییە کەلێنیشی تێدا دەرکەون.

**ستراتیژییەتی ئێران لە دوای ڕەئیسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

لەو بارەیەوە گۆڕانکاریی ئەوتۆ ڕوو نادات، بەڵام هاوکێشەکان گەرەنتییان نییە؛ ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوە سیاسییەکانی ناوچەکە، بەتایبەت لە لوبنان و عێراق، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر ستراتیژییەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ستراتیژییەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەم بووە لە: پشتبەستن بە ڕەوتە وەلائییەکان و جەنگی بریکاری کە میلیشیاکان بۆی ئەنجام دەدەن، خۆبەدوورگرتن لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتی ناوچەکە و ئیسرائیل و ئەمریکا (لەو بارەیشەوە جۆرێک لە ڕێککەوتن هەیە؛ نە ئەمریکا ئەوەی مەبەستە و دەیەوێ، نە ئێران)، قوتاربوون لەو قەفەسەی کە دەوڵەتانی ڕۆژاوا بەهۆی گەمارۆکانەوە بۆیان تەنیوە (لەو بارەیشەوە کار بۆ ڕێککەوتن دەکات، بەتایبەت لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی کەنداو)، هاتنەکایەی نەزمێکی نوێی سیستەمی هەرێمایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئێران تێیدا پێگەی پارێزراوە و، تەواو پاڵ نەدانە ڕووسیا (چونکە تا هەنووکەیش ئێران هەر چاوی لەسەر ڕێککەوتننامەی ئەتۆمییە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا)؛ ئەمەیش پانتاییی کارکردنی بۆ ئاسانتر کردووە و لەگەڵ خودی ئەمریکاش ڕایەڵەیەکی ئەرێنیی کردۆتەوە. ئەو گفتوگۆیانەی کە لە وڵاتی عومان دەگوزەرێن، گەواهیی ئەو وەرچەرخانە دەدەن، کە لە نێوان ئەمریکا و ئێران سەبارەت بە هاوکێشەکانی ناوچەکە هەماهەنگیی تەواو هەیە و هیچ لۆژیکێکی دژبەری تێدا نییە، چونکە ئێران کار لەسەر ئەو ساتەوەختە دەکات کە لەگەڵ ئەمریکا ڕێک دەکەوێ، چونکە لە دوو مۆتەکەی دژوار قوتاری بووە، کە لە دژی بەکاری ناهێنن: بەکارهێنان یان دەستوەردانی سەربازی، ڕووخان یان گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە ئێران؛ بە جۆرێک کە هەڵوێستەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا لە خۆپیشاندانەکانی ژینا ئەمینی، ئەوەی سەلماند کە بەناڕاستەوخۆیی لە بەرژەوەندیی ئێران کەوتنەوە و جەماوەری ڕاپەڕیویان بێپشتیوان و نائومێد کرد. لە لایەکی تریشەوە ئێران لەسەر بنەمای بەرگریکاری مامەڵە ناکات و بەڵکوو لە ڕوانگەی قوتابخانەی ڕیالیزمی نوێوە لۆژیکی هێرشبەرانە پیادە دەکات.

لە بەرامبەر ئەو ستراتیژییەتەی ئێران، ئەمریکاش چەند پرەنسیپێکی ستراتیژی لە دژی بەرپا دەکات: هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەیەکی چەکی ناوکی کە لە بەرژەوەندیی ئێران نەبێت و لە چاودێریی نێودەوڵەتی قوتاری نەبێت (چونکە خودی ڕێککەوتننامەکە گۆڕینێکی نەرمی قۆناغبەندیی سیستەمی حوکمڕانییە لە ئێران)، پاڵپشتیکردنی زیاتری حکوومەتی عێراقی تا کاریگەریی ئێرانی بەسەردا کەم بکاتەوە، هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە لە شەڕی ناوخۆی یەمەن (چونکە لەو ڕێگەیەوە نفووزی ئێران لەقاڵب دەدرێ و کەم دەبێتەوە)، سنووردارکردنی زیاتری کاریگەریی ئێران لە سووریا، پتەوکردنی زیاتری هەماهەنگی لە نێوان هاوپەیمانە هەرێمییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و کارکردن لەسەر هێنانەکایەی سیستەمێکی ئاسایشی ناوچەیی، دانانی بنەمایەکی پێویست بۆ دانوستان لەگەڵ ئێران سەبارەت بە دەستێوەردانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەمە ئەو چوارچێوەیە کە ڕەئیسی کاری لەسەر دەکرد؛ ئایا جێگرەوەکەی دەتوانێ ئەو ڕیتمە بپارێزێ؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە هیچ گەرەنتییەک نییە، چونکە بارودۆخی ناوچەکە لە خاوبوونەوەدا نییە، بەڵکوو بەردەوام بەرەو هەڵکشان دەچێ، بەتایبەت لەسەر ئاستی هاوکێشەی ئیسرائیل و حزبوڵڵا و، لە عێراقیش مقۆی هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمان چۆتە قۆناغی ڕژدەوە و ئێران و مالیکی داکۆکیی لەسەر دەکەن؛ مەبەستیشیان ئەوەیە کە هاوکێشەکان لەوە زیاتر بۆ سەدر و سوودانی پێ نەگەن و، وایش گومان دەبەن بەپێی ئەو پەیوەندییە پتەوەی کە ئێستا لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێران هەیە، پێ ناچێ پارتی

وەک جاری پێشوو پشتیوانی لە سەدر بکات. هەر بۆیە پێ دەچێ سەرۆکی نوێ نەتوانێ ئەو هاوسەنگییە بپارێزێ و ئەگەر ڕێککەوتنیش لەگەڵ ڕۆژاوا نەکرێ، ئەوا بارودۆخی ناوخۆی ئێران بەرەو هەڵدێری کۆتایی دەچێت. هەر بۆیە ئێستا ڕەشنووسی ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ چەکی ناوکی لەگەڵ تاران لەلایەن فەڕەنسا و ئەڵمانیاوە ئامادە کراوە.

**ستراتیژییەتی ئێران بەرامبەر دەوڵەتانی کەنداو لە دوای سەرۆک ڕەئیسی**

سەرۆک ڕەئیسی لە سەردەمی خۆیدا زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوو تەوقی گەمارۆکان بشکێنێ، بۆ ئەو مەبەستەیش زۆر ڕێککەوتننامەی ئابووریی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەست؛ لە سەرووی هەموویشیانەوە عێراق و تورکیا. وڵاتانی کەنداو ئامانجی ڕەئیسی بوون. لە هەوڵی بەردەوامدا بوو تا پەیوەندییەکی گشتگیری ئاسایی بونیاد بنێ؛ بۆ ئەو بابەتەیش وەزیری دەرەوەی، هاوکاری بوو. ئەوە بوو بە نێوانگیریی چین گەیشتنە ئاکام. هەر لەو بارەیەوە تورکیا ئامانجێکی تری سەرەکییان بوو، کە وای بۆ دەچوون تورکیا، فریادڕەسیانە لەو بارودۆخەی کە تێیدان لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە. بەتایبەت لە سووریا، باوەری وا بوو کە دەکرێ لەگەڵ ئەمریکا بگاتە ڕێککەوتن، هەڕەشەکانی سەر ئیسرائیل کەم بکاتەوە، میلیشیاکان بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەخەنە مەترسییەوە، دەکرێ لە بابەتی چاودێری بۆ سەر بنکە ناوکییەکان هەماهەنگییەک دروست ببێ، بە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو، قووڵایی ستراتیژی ئێران زیاتر دەبێ، نفووزی ئەمریکا سنووردار دەبێ، سیستەمێکی ئاسایشی ناوچەیی دێتە ئاراوە کە پێگەی ئێرانی تێدا پارێزراوە، دەتوانرێ لەگەڵ وڵاتانی کەنداو زۆرترین سوودمەند بن لە ستراتیژییەتە دژبەرەکان، وەک هەر یەک لە ستراتیژیەتیی چین، ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژاوا، کە ئێستا لە ململانێ و ڕکابەریدان بەرانبەر یەکدی، بەتایبەت چین و ڕووسیا کە مەبەستیانە شوێنگرەوەی وڵاتانی ڕۆژاوا بن لە کەنداو. ئێستا ئەو ئاراستەیەیش لە وڵاتانی کەنداو بەدەرکەوتووە، بەوەی لە یەک کاتدا چەندان ڕێککەوتننامەی زەبەلاحی ئابووری و سەربازییان لەگەڵ چین و ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژاوا بەستووە و، دەیانەوێ سوود لە هەموان وەربگرن. سەرۆک ڕەئیسییش ئەو مەبەستەی هەبوو. لە لایەکی ترەوە ئامانج لەو هەوڵانەی ڕەئیسی، نەچوونە ناو خولگەی ئیسرائیل بوو لەلایەن دەوڵەتانی کەنداوەوە، بەتایبەت سعوودیا و ئیمارات؛ ئەگەر بشچن هاوسەنگ بن و مەترسییان بۆ سەر ئێران نەبێت و لە هاوکێشەکانی ناوچەکە بێلایەن بن، تا لەوێوە لە ڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە گەمارۆ نەدرێ و بەرەکانی بەسەردا دانەخرێن و دوژمنەکانی زێتر نەبن. ئەوە بوو گەیشتە قۆناغی کردنەوەی باڵیۆزخانە لەگەڵ سعوودیا و، پەیوەندییەکانی تا ئەو ئاستە ئاسایی کردەوە کە ڕایەڵەیەکیشی لەگەڵ تەنانەت میسرییش دانا.

ئەوە میراتی سەرۆک ڕەئیسییە بۆ جێگرەوەکەی، کە دەبێ بنەماکانی ستراتیژییەتی ئێران بپارێزێ و لەگەڵ خودی ڕابەر هەماهەنگ بێت، چونکە کەسی دووەمی وڵاتە دوای ڕابەر. دەبێ دۆسیەی ناوکی بەزیندوویی بهێڵێتەوە، بەوەی کە بەدەستهێنانی چەکی ناوکی مافێکی ڕەوای ئێرانە و هیچ سازشێکی لەسەر ناکرێ؛ ئەوەیش کۆتا پرۆژەی ئایدیۆلۆژیی خودی خامنەییە. دەبێ لە هەوڵی ڕێککەوتندا بێت لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژاوا، بەتایبەت ئەمریکا، جەنگە پرۆکسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بێت، نابێ عێراق لەژێر چەپۆکی وەدەربێنن- لەو بارەیەوە دەکرێ هەماهەنگی لەگەڵ کورد و ئەمریکا بکرێ-، بەردەوام حکوومەتی عێراق دەبێ ئەو کۆنترۆڵی بکات، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو بەئاسایی بهێڵێتەوە، نابێ ببێتە هۆکاری گێچەڵنانەوە بۆ دەوڵەتانی کەنداو، گەورەترین قۆناغی پێشکەوتن بۆ سەرۆکی نوێ لەگەڵ کەنداو، دروستکردنی پەیوەندیی ئابوورییە، کە ئەمەیش قورسترین ئەرکە بۆ ئەو.

**ستراتیژییەتی ئێران دوای ڕەئیسی بەرامبەر هەرێمی کوردستان**

پرسیارە هەستیارەکە سەبارەت بە هەرێم ئەوەیە: ئایا جێگرەوەی ڕەئیسی لەسەر هەمان ڕێتمی ستراتیژیی پێش خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە؟ وەڵامەکە پێ دەچێ تا هەنووکە "بەڵێ" بێ، ئەگەر هەڵکشانی هاوکێشەکان دژوار نەبنەوە و پێکدادانی پرۆکسی و بارودۆخی سیاسیی عێراق دژوار نەبێتەوە، چونکە هەمیشە سێ فاکتەر کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم و تاران هەبووە: چۆنێتیی بارودۆخی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران، پرۆسەی سیاسیی عێراق، پەیوەندیی هەرێم و بەغدا. لەو بارەیەوە دەتوانین بڵێین بۆچی تاران لە پەیوەندیی ئەرێنیدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە:

- سەردانەکەی سەرپەرشتیاری وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ عێراق و هەرێم و کۆبوونەوەکانی لە هەرێم و یەک پەیام بۆ هەولێر و سلێمانی، ئەوەی دەرخست کە بەرەنجامی سەردان و ڕێککەوتنەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران، بەردەوامن.
- سەردانەکە ئەوەی دەرخست کە کۆماری ئیسلامی پێ دەچێ لە سەردەمی جێگرەوەی ڕەئیسی، هەمان سیاسەتی سەردەمی ڕەئیسی پیادە بکات. بەو شێوەیەیش لەوانەیە یەکەمین سەردانی سەرۆکی نوێ بۆ دەرەوەی ئێران، بۆ عێراق و هەرێم بێت.
- پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر تەواوی ئاستەکان ئاسایی بوونەتەوە، بەتایبەت سیاسی و ئابووری و ئاسایش.
- ئێران بەئەرێنی سەیری پێگە و ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، کە یەکلاکەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکانە و، دەکرێ لێی سوودمەند ببێت.
- هەرێمی کوردستان خاڵی بەیەکگەیشتنی ستراتیژییەتە دژبەرەکانە؛ ناکرێ ئێران لێی سوودمەند نەبێت.
- هەرێم بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژاوا و خودی ئەمریکا، دەکرێ کارئاسانی بکات.
- سوودمەندبوون لەو پێگە جیۆپۆلیتیکییەی کە هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە هەیەتی، کە هەرێم دەتوانێ باری قورسی گەمارۆ ئابوورییەکان سووک بکات و تێچوویەکەشی کەم بکاتەوە؛ چونکە لە کۆی 12 مەرزی ئێران- عێراق، نزیکەی 7 لە هەرێمی کوردستانن. پارسەنگە ئابوورییەکانی ناکۆکییەکانی هەرێم و تاران لە ساڵی 2023 ئەوەی سەلماند کە هەرێم لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ ئێران چەند کاریگەرە.
- ئێران گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە دژایەتیی هەرێم، زیاتر لە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوای نزیک دەکاتەوە؛ دژایەتییەکانی ساڵی 2023/2024 دژ بە هەرێم، ئەو ڕاستییەیان بۆ ئێران سەلماند. هەر بۆیە لەسەر ئاستی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی عێراقی، کارئاسانی بۆ هەرێم کرا لە ڕێککەوتن بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، چونکە گرفتەکانی عێراق لە تارانەوە چارەسەر دەبن و گەرەنتییشیان زیاترە.

**هەرێمی کوردستان: سیاسەتی هێلکە و سەبەتەکان یان پراگماتیزتیستبوون**

زۆرێک لە سیاسەتمەداران هەن کە دەڵێن نابێ هێلکەکانمان هەمووی بخەینە ناو یەک سەبەتەوە، تا زایە نەبین، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ هەموو سەبەتەکان هێلکەی تێدا بن و خودی ئەو هێلکانەیش

هەڵبێن و بنە جوجک! دەبێ هەرێمی کوردستان تەواو پراگماتیستی بیر بکاتەوە، بەوەی کە چۆن لە هەمووان سوودمەند دەبێ، چۆن بەرژەوەندییان دەپارێزێ، تا هەرێم ببێتە "سویسرا"یەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سیاسەتی بێلایەنیدا. بەڵام ئەوەیش بە دیپلۆماسییەت و ڕێککەوتن دەکرێ لەگەڵ لایەنەکان، بەتایبەت بەغدا. فاکتەری کاریگەریش تەبایی ناوخۆیی و یەکڕیزی و یەکپاکێجییە؛ دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بین دامەزراوەکانی هەرێم بەردەوام بن و ڕەوایەتییان نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. هەر بۆیە دەبێ هەڵبژاردن بکرێ و لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، عێراق، ناوچەکە و دونیا، دۆستەکانمان زیاد بکەین. زۆرێک لەو کارانەش سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکوومەت دەتوانن بیکەن. بەتایبەت دەتوانین جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە نابێ سەرۆکایەتیی هەرێم بوار بدا کەلێنی نوێ بکەوێتەوە ناو پەیوەندییەکانی تاران و هەولێر، بە تایبەت دوای سەردانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران و ڕێککەوتن لەسەر چەندان بابەتی هەستیار، هەروەها دەبێ ئەو ڕایەڵەیە لەگەڵ جێگرەوەی "ئیبراهیم ڕەئیسی"یش هەر بەپتەوی بیهێڵێتەوە، گرنگتر بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی ئەرێنییەتی لەگەڵ خودی ڕابەری گشتیی ئێران کە ئەو یەکلاکەرەوەی هاوکێشەکانە.

**ئەدی دەبێ هەرێم خۆی لە چی بپارێزێ و چی بکات؟**

- لە پەرتەوازەیی زیاتری ناوماڵی کورد.
- ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن؛ چونکە تەواوی پرۆسەی سیاسیی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوە.
- ڕێکنەکەوتن لەگەڵ بەغدا؛ بەڵام بەپێی دەستوور و دەستخستنی شایستە دەستوورییەکان.
- پاراستنی هاوسەنگی و مامەڵەکردن بەهەستیارییەوە؛ بەتایبەت لەگەڵ بەرەی دژ بە ئێران و هێشتنەوەی ڕایەڵ و پشتیوانییە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێم.
- دیپلۆماسییەتی گشتگیر و بەردەوام لەگەڵ بەرەی وەلائی سەر بە ئێران لە عێراق و لەگەڵ خودی تاران؛ نەک پەیوەندییەک لە بۆنەکاندا زیندوو ببێتەوە.
- جەختکردنەوە لەسەر چارەسەری گرفتی مووچە و بوودجە و دابینکردنی باشترین ئاست لە خزمەتگوزاری.
- خۆئامادەکردن بۆ هاوکێشەی نوێ و هەڵکشانی گرژییەکان؛ وەک هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق، جەنگی حزبوڵڵا و ئیسرائیل، حووسییەکان بخرێنە ناو لیستی تیرۆرەوە، دژواریی پەیوەندییەکانی ڕۆژاوا و ئێران.